# ڕەخنەی ئەدەبیی
# لە نێوانی تیۆرو نووسینی ناتیۆردا



نەجات حەمید ئەحمەد

هەموو نووسینێکی ڕەخنەیی، یا پێناس کراو بە ڕەخنەیی لە ئەدەبدا، خاوەنی سەرچاوەکانی خۆیەتی ئەگەر بێتوو لە دەرەوەی تیۆرییەکی داهێنراودا بێت، بۆ ئەمەش ناوەندە ئەکادیمی و زانستیەکانی کوردستان، دان بە هیچ نووسینێکدا نانێن ئەگەر بێتوو سەرچاوەی یا سەرچاوەکانی نووسینەکەی لەگەڵدا نەبێت کە نووسەرێکی دیاریکراو نووسیویەتی، لە بەر ئەوەی ئەو نووسینانە مەحکومن بەوەی کە نازانستین و بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوە، هەموو نووسینێک مەحکومە بەوەی کە لە دەرەوەی بازنە ئەکادیمی و زانستیەکانیدایە. لە ڕاستیدا ناوەندی زانستیی و ئەکادیمیی کوردی، بەم جۆرە تێڕوانینانەیان حوکم لە سەر هەموو کەسێک دەدەن کە بیر بکاتەوەو خۆی بنووسێتەوەو لە ڕوویەکی دیکەوەش بە بێ ورد بوونەوەیەکی زۆر لە توانای مرۆڤی بیرکەرەوە ئەو ڕێگەیەیان بە یەکجارەکی داخستووە، لەوەی کە نووسەری کورد ئەو مافەی هەبێت دوور لە وەرگرتنی زانیاری لە سەرچاوەکانەوە، هەر بۆیە ساڵانە چەندین دکتۆراو ماجستێری سەرچاوەداری دوور لە بیرکردنەوەی خودیانە دابەشدەکرێن، کە دەشێ ئەم بیرکردنەوەیە لە هەمانکاتدا هاندەرێکیش بێت لە بەردەم ئەو نووسەرانەی کە توانای بیرکردنەوەو خوێندنەوەی قووڵیان نییە لە مەیدانی لێکۆڵینەوەدا ونووسینی نامەعریفی بڵاوکەنەوە، لەگەڵ ئەمەشدا لەو ڕووەوەی کە تەنانەت داهێنانی تیۆرییش هاتە ئاراوە بۆ نووسین، ئەوا سەرچاوەکانی زانیاری و ئاماژە پێدانیان زۆر گرنگن بۆ ئەوەی هەموو بۆچوون و دنیا بینییەکی تیۆریی، یاخود تێڕوانینێکی نوێ بۆ چۆنێتییەکی تیۆریی پێشوو، تەنانەت لە حاڵەتی

جیاواز بوونی بنەڕەتیشدا، یاخود چوونەوە سەری بیرکردنەوەی تیۆریی پێشینەیی کە لە هەردوو حاڵەتدا وا پێویست دەکات ئاماژە بە سەرچاوەکانی یەک گرتنەوەی تیۆریی، یاخود ناکۆکبوونی تیۆریی بدرێت. ..ئەوەی لێرەدا بە لامانەوە گرنگە ئەو دەروازەیەی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی تیۆرییە بەرامبەر بە نووسینێک کە سەرچاوەکانی تیۆریی بزرن و لە هەموو سەرچاوەیەک شتێک وەردەگرێ. .لێرەوە ئەم نووسینە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە کە تاکو ئەمڕۆ، نە لە بوارە ئەکادیمییەکان و نەلە بواری دەرەوەی ئەکادیمیاو ناوەندە زانستییەکاندا وەڵامیان هەبووە. .

١- ئاخۆ مەرجە هەموو نووسینێک لە چوار چێوەی تیۆردا بێت؟

٢- تیۆر بایەخ و گرنگیی لە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییدا چییە ؟

٣- ئایا نووسینی ڕەخنەی کوردی دەچێتە چوارچێوەی تیۆرەوە؟

٤- ڕەخنەی کوردی چ جۆرە پێناسێک هەڵدەگرێت گەر لە ڕووی تیۆریی و ئەکادیمییەوە سەیری بکەین؟

لە ڕەخنەی نوێدا، تیۆر وەکو بە سیستەم کردنێکی بیرکردنەوەو لێکۆڵینەوەو هەوڵدانە بۆ بە زانستی کردنی نووسینی ڕەخنەیی، بە قەد ئەو مەیلەی تیۆرزانەکان نییە کە ویستوویانە جیاواز بوونی خۆیان سەبارەت بە مەسەلەیەکی دیاریکراو بدۆزنەوە لەگەڵ ئەوانی پێش خۆیان و سەلماندنی ئەو جیاوازیانە لە سەر بناغەیەکی تیۆریی و پراکتیکیی و تازەبوونەوەو خودی تیۆر مەسەلەیەکی گەوهەری نەبووە، بۆ ئەمەش تاکو ئەمڕۆکە تەوژمێکی وەکو پۆست مۆدێرنیتەو تەنانەت بنیاتگەریی ئەدەبییش لە چوار چێوەی تیۆرێکدا کۆنەکراونەتەوە، بەڵکو تاکو ئەمڕۆش لە پەرەسەندن و جیاواز بووندان لەگەڵ یەکتری.. هۆیەکەش لەوێوەیە کە سنووری بیرکردنەوەی مرۆڤ لە تیۆردا، واتە لە داڕشتنی تیۆرییدا دەبێتە سیستەم و چۆنێتیەک بۆ بیرکردنەوە، بۆ نموونە گەڕان بە دوای سیستەمی دال و مەدلوولەکان لە چوارچێوەی چۆنێتی دروستبوونی مانادا، خۆی لە خۆیدا خەسڵەتێکی تیۆریی هەیە بەدەر لە هەموو جیاوازبوونەکانی چۆنێتیدا، هەروەکو چۆن سیستەمی یا ڕێکخستنی ئاماژە لە زماندا چۆنێتیەکی زانستییە، کەوا دەخوازێت هەموو ئەو سەرچاوانە بگرێتە بەرچاو کە لەم بوارەدا بۆچوونی جیاوازیان هەبووە... لێرەدا گرنگیی تیۆر جگە لەوەی بە سەرکردنەوەی کۆی توانا بە دەست هاتووەکانی مرۆڤە لە بوارێک لە بوارەکاندا، هەروەها دوور کەوتنەوەیە لەو هەڵانەی کە نائاگایی ڕەخنەگر نیشاندەدەن لەو سەرچاوانەی کە زانیاری و بۆچوونێکی زۆریان گەڵاڵە کردووە، لە ڕاستیدا هێڵێکی پان و پۆڕ هەیە لە نێوان نووسینی تیۆریی و نووسینەوەی خودی تیۆردا.. لە کاتێکدا نووسینی تیۆریی، هەموو ئەو نووسینانەی پێ پێناس دەکرێت کە دەربرین لە چۆنێتیەک دەکەن لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە، واتە چۆنێتیی نووسین، بەڵام تیۆر کاملکردنی سیستەمێکی خاوەن پێناسە بۆ نووسین و بۆ دنیاودەورو بەری خۆی وهەردوو بواریش لەوەدا یەکدەگرنەوە، کە هەوڵی جیاوازن بۆ تێگەیشتنی جیاوازو بەدیهێنانی یا خولقاندنی بیری نوێ، لە ڕەخنەی نوێدا هەوڵە تیۆرییەکان لە هەردوو بواری پراکتیک و تیۆردا گەڕانە بە دوای زانستی بووندا تا ڕادەیەک سنوور بەندیکردنی بیر کردنەوەیە، بە تایبەتی لە تیۆرە فیکریی و کۆمەڵایەتیی و فەلسەفیی و سیاسیی و ئاینییەکاندا کاتێک ئەو تیۆرانە بە دووی هەموو ئەو چۆنێتیانەی خوێندنەوەدا دەگەڕان کە پێگەیشتنەوەیەک لەگەڵ تیۆرێکی نائەدەبیدا بێتە دی، هەروەکو هەوڵەکانی لوسیان گۆڵدمان و ڕایمۆن پیکاردو جۆرج لۆکاش و بلینیسکی، لەو کاتەی تەوژمە نوێیەکان کە تیۆر بە لایانەوە ئامانجی سەرەکی نەبووە بانگەشەی تیۆرییان نەبوو، ئەدەبیان لەو یەک گرتنەوە ناتیۆرییانەدا دەرکردە دەرەوە، بە تایبەتی هەوڵەکانی

بارت لە چۆنێتی گەیشتن لە سیستەمی ئاماژەو هەوڵەکانی جان کۆهێن لە لێکۆڵینەوە لە شیعرییەت وزمانی شیعرییەت، هتد.. کەواتە سەردەمێکی نوێ هاتە ئاراوە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، کە سنوورەکانی بیرکردنەوەی لە تیۆریی چەسپاوو داخراو بوون ڕزگار کرد، بەڵام ئەو سەردەمە هەمیشە پێویستیی بە کامڵبوونی تیۆریی هەیە تاکو بتوانێت هەموو ئەو زاراوەو بۆچوونە زانستیانەی خۆی کۆ کاتەوە کە باوەڕی پێیان هەیەو لە لایدا بوونەتە چۆنێتیەک بۆ سەیر کردنی دەقەکان و دیاردەکانی دەورو بەر، نووسینی تیۆریی بێگومان کە خەسڵەتی پراکتیکیی لەگەڵدا نییەو بۆچوونێکە بۆ چۆنێتی نووسینی ڕەخنە، لەم بارەشدا نووسینی وەسفکراو بە تیۆریی تا ڕادەیەکی زۆر دوورە لە دیسیپلین کردن و بە سیستەم کردن، وەکو دیاردەی تیۆریی، بەڵام لە هەمانکاتدا تێگەیشتنە لە چۆنێتیەک کە مەرج نییە خەسڵەتی تیۆریی هەڵگرێت، چونکە زیاتر بەرگەی دەستتێوەردان و گۆڕانکاری دەگرێت.. لەو کاتەی لە تیۆردا ئەو نووسین و دنیا بینی و چۆنێتیانە زۆر کەم گۆڕانکاری قبووڵ دەکەن و تەنها لە بواری داهێناندا نەبێت، بەمەش کاتێک تیۆر دێتە بواری پراکتیکەوە ئەوا دەکەوێتە نێو قورسترین کایەکانی خۆ هەڵسەنگاندنەوە و یەکێک لە کەلەبەرە هەرە گەورەکانی نووسینی تیۆریی و داکەوتنی لە چۆنێتیی پراکتیککردنی بۆچوونی تیۆرییدایە.. نووسینەکانی بارت بێگومان دەچنە خانەی نووسینی تیۆرییەوە، بەڵام نەسیفەتی قوتابخانەیی و نەسیفەتی تیۆرێکی پێناسکراو هەڵدەگرن، بۆ نموونە بارت لە کتێبی میتۆلۆژیادا کاتێک بە دووی ئەو ئاماژە نوێیانەی ئەفسانەدا دەگەڕێت لە سەردەمی ئەمڕۆماندا لە یەکێک لە نموونەکانی ئۆتۆمبێلی تازە دەرچووی سیترۆن بە کاتێدراڵ دەشوبهێنێ، ئەو چۆنێتیەک بۆ خوێندنەوەی سەردەمیانە دەخاتە بیرەوە دوور لەوەی سیستەمێک بۆ بیرکردنەوە دابنێت و دەشێ بارت بە یەکێک لەو نووسەرانە دانێین کە زۆرترین خەسڵەتی تیۆریی لە نووسینەکانیدا دارشتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زیاتر وەکو هاوبەش کارێکی تەوژمێکی نوێی نیمچە زانستیی ڕەخنەیی خۆی پێناسدەکات، بەمەش ئەو و دەیان نووسەری پێناسکراو بە بنیات گەر دەچنە خانەی کارێکی لێکتر جیاوازو یەکگرەوە لە چوارچێوەی بنیاتی زمانەوانیی و فەلسەفییدا کە هەموو هاوبەشن لە دارشتنەوەی تیۆریی بنیاتگەریی، نەوەک وەکو ڕەخنە کاری ناسراو بە بیرێکی تیۆریی بۆ نموونە وەکو ئەو ڕەخنەیەی کە بە ڕەخنەی دەروونیی یاخو فرۆیدی یاخود مارکسی ناسراون... کە هەوڵەکانیان پێکگەیاندنەوەی ڕەخنەیە بە تیۆریی ئایدۆلۆژی.. لە ڕاستیدا تاکو ئەمڕۆ ئەوە ڕوون نییە کە نووسینی ڕەخنە لەلای نووسەرانی کورد، ڕەخنەیەکی تیۆرییە یاخود ڕەخنەیەکی نا تیۆرییە، چونکە تیۆر لە لای نووسەری کورد ئەو بایەخ و گرنگییەی نییە کە وەکو چۆنێتیەک بۆ لێکۆڵینەوە تایبەتمەندیی تێدا بێت، هەر لەو نووسینانەی کە بانگەشەی ڕەخنەیەکی فیکریی و ئایدۆلۆژیان دەکرد، تاکو ئەو ڕەخنانەی کە بانگەشەی بنیات گەرییان دەکرد، ئەمەش بە هۆی ئەوەوەی ڕەخنەگری کورد قەت هاوبەش نەبووە لەگەڵ ئەو کولتوورو هەوڵە ڕەخنەییانەی کە ئەمڕۆکە هەن، بەڵکو لە ژێر پەردەی لاسایی کردنەوەو جوینەوەی بیرو ڕای ئەم و ئەودا لە تیۆرناسان و خاوەن بۆچوونانی تیۆریی ڕەخنەیی نووسینێک دەنووسن لە ڕەخنەدا، کە سیفەتی نە تیۆریی و نە زانستییان تێدایە، ئەمەش هۆیەکەی بۆ ئەو دژ بە یەکیە وئەو نەگونجانانە دەگەڕێتەوە کە لە نێو یەک یا دوو یا دە نووسینی نووسەرێکی دیاریکراودا هەن لە نووسینە ڕەخنەییەکانیدا، کە تیایاندا هەیە جارێک بیرو ڕاو بۆچوونی ڕەخنە گرە ئایدۆلۆژیەکان هەڵدەگرێتەوە، جارێکی دیکەش ڕەخنەی ئایدۆلۆژی ڕەت دەکاتەوە... جارێکی دیکەش بیری کۆمەڵایەتیی و فەلسەفیی و زمانەوانیی و دەروونیی لە یەک نووسیندا کۆدەکاتەوە، جارێکی دیکەش بە ناوی ڕەخنەی بنیات گەرییەوە دەربڕین لە بیرە ئایدۆلۆژیەکان و بیرە سیاسیەکان دەکات..

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە، کە نووسینی ڕەخنە هەموو نووسینێکی ڕەخنەیی لە ڕووی پراکتیکیەوە وا لە نووسەر دەخوازێ کە کەمترین دژ بە یەکی لە نێو بیرکردنەوەکانیدا هەبێت و کەمترین دۆشدامانی ناداهێنەرانە لە نووسیندا لە خۆبگرێت، ئەمەش بە تەواوەتی چوونەوە سەری تەوژم و تیۆرەکانی ڕەخنەیە لە کۆن و نوێدا کە هێشتا ڕەخنەیەک نییە بانگەشەی یا داخوازیی لەم جۆرەی تێدا بێت، زۆرینەی هەرە زۆری نووسینی ڕەخنەی کوردی لە ئەدەبدا پراکتیکیە، کە شوێنی سەرسوڕمانە، چونکە هەموو نووسینێکی ڕەخنەی پراکتیکی لە ئەدەبدا دەبێ لە سەرچاوەیەکی تیۆریی و قوتابخانەیی و تەوژمداریدا بێت..

لەو کاتەی زۆرینەی نووسینە تیۆرییەکانی ڕەخنەگرانی کورد، یا وەرگێڕانن یاخود خوێندنەوەی نووسینی تیۆریی نووسەرانی عەرەب و ئەوروپان، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە نووسەران و ڕەخنەگرانی کورد دارشتنی تیۆرییان لە یادەوەریی خۆیان سڕیوەتەوە و لەو گوتەیەدا قەتیس ماوە کە چی دەکرێت بەرامبەر کولتوورێکی ڕەخنەیی مەزنی ئەوروپی و ئەمریکی و ڕووسی، کە هیچیان بۆ گوتن نەهێشتۆتەوە، بەمەش دەروازەیەکی فراوانی بیرکردنەوەیان لە خۆیان داخستووە کە ئێمەی کورد توانای دارشتنی تیۆرییمان نییەو ئەمەش ئەوە دەسەپێنێتە سەر نووسەران و ڕەخنە گرانی کورد کە لە سێبەری نووسینە تیۆرییەکانی عەرەب و فارس و ڕۆژئاوادا دەست بۆ نووسین و تەنانەت پراکتیکیش بەرن... بیرو ڕای لەم جۆرە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ بیری ناوەندە زانستیەکاندا کە بیرکردنەوەی ڕەخنەییان لە قاڵب داوەو سنوورێکیان بۆ داناوە، نووسینی ڕەخنەیی تیۆریی لە هەردوو باری تیۆرو پراکتیکدا گرنگییەکی گەورەیان هەیە بەوەی نووسین لە دژ بەیەکی و گێرە شێوێنی نووسین دوور دەخەنەوە، هەروەها یەکگرتووییەکی زانستی و دیاریکراو بە نووسین دەبەخشن لە نووسیندا، هەروەها مەودای بیرکردنەوە فراوانتر دەکەنەوە و گفتو گۆو جیاوازیەکانی تێگەیشتن و بیرکردنەوە زۆرتر دەکەن و بەمەش لە پراکتیکدا ئەو دنیا بینییە تیۆرییە دەگوازنەوە نێو نووسین و شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەکان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تیۆر گەر لە ڕووە ئایدۆلۆژی و فیکری و سیاسیەکەیدا هاتە نێو ڕەخنەوە، ئەوا سنووری بیرکردنەوە ئابڵوقە دەدات و مەوداکانی تێگەیشتن کورت دەکاتەوە. ..

ڕەخنەی نوێ، بێگومان ڕەخنەیەکی زانستییە بەو پێیەی دەربڕین کردن نییە لە سۆزو هەڵچوون و سەرنجکاریی و هاوسۆزی بوونی ئایدۆلۆژی، هەروەها ڕەخنەی نوێ دوورە لە دژ بە یەکی لە بیروبۆچوون و لێکدانەوە بەوەی ڕەخنەی نوێ دەچێتەوە سەر سیستەمێک لە شیکردنەوە لە زماندا، هەروەها لە مانادا کاردەکات کە لە سەرجەمدا دەربڕین لە بنیاتەکانی زمان و مانا دەکەن، هەروەکو چۆن چۆنێتییەک بۆ نووسین دیاریدەکات کە لەگەڵ ئەوەشدا هێڵە بناغەییەکانی ناو نراون بەڵام سنوورەکانی پراکتیککردنی دیارینەکراون و فرە لایەنن، لەو کاتەی نووسینی ناتیۆریی هەمیشە دەکەوێتە ژێر گوشاری سەرنجی جیا جیاو بیری جیا جیاو بۆچوونی جیا جیاوە، کە ناتوانین سیفەتی ڕەخنەیەکی ئەدەبیی پێببەخشین و نازانین ئەو جۆرە نووسینانە بە چ کەرەستەیەکی ڕەخنەییەوە سەیری دەق دەکەن، وایپێدەچێت ((گەڕان بە دوای ناوەڕۆک)) شادەماری لاوازو کرچ و کاڵ و پێنەگەییوی ڕەخنەی کوردی پێک بێنێ، وەکو ئەوەی هیچ هێڵێکی تێگەیشتن لە نێوان نووسەری خوێنەرو دەقدا نەمابێت لەو کاتەی هەموو نووسینێک بۆی هەیە جۆرێک لە تێگەیشتن، تەنانەت بە ساکارترین خوێنەریش ببەخشێ، هەروەک دەبینین ئەو نووسینانەی بە ناوی ڕەخنەوە تەنها بە دووی ناوەڕۆکەوە دەگەڕێن ئەوان وا تێگەیشتوونە، کە ناوەڕۆک ئامانج و مەبەستی کۆتایی نووسەرە و هەموو دەقێک پێوەری داهێنانەکەی هەر ناوەڕۆک بێت، لەو کاتەی بیری لەم جۆرە هەڵەیەکی گەورەی ڕەخنەیە، چونکە هەموو بابەت و ناوەڕۆکێک بە

هۆی زمانێکەوە یا سیستەمێک لە زمانی نووسین و بنیاتەوە نووسراوەتەوە، کە شێوەیەک لە نووسین دەگرنەخۆ، لەو کاتەی ڕەخنەی کوردی باس لە ناوەڕۆکی نووسین دەکات هەموو ئەو ڕەگەزە ئیستاتیکیانە لە بیری خۆی دەباتەوە کە چۆنێتییەک بە خوڵقاندن و دروستبوونی ناوەڕۆک دەبەخشن، بەمەش بێبەری دەبن لە هەموو بنیاتەکانی زمان و جوانییەکانی شێواز، بە هەمان ئاستیش شێوازی دەق لە ڕەخنەی کوردیدا هەمیشە چۆنێتیی گوتنە نەک وەکو چۆنێتییەک لە زمانی نووسیندا، بەڵکو چۆنێتییەک لە گێڕانەوەدا، ئەمەش وایکردووە تاکو ئەمڕۆ چەمکی بنیات لەم ڕەخنەیەدا بوونی نەبێت و چۆنێتیی نووسین هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نەبێت لە هەندێک کاری دەگمەندا نەبێت، کە لەبەر ڕۆشنایی نووسینە تیۆرییەکانی عەرەب و ئەوروپا نووسراون، ئەوانیش تا ڕادەیەکی چاک نەیانتوانیوە ئەو ڕەخنەیە لە هەڵگرتنەوەو لاسایی کردنەوە بگەیێننە ئاستی داهێنان و هەڵنانەوە.. ئەم خەسڵەتانەی نووسینی ڕەخنە لە لای نووسەری کورد بۆتە کولتوورێکی چەسپاوو بۆتە هۆیەک بۆ دوا کەوتنی ڕەخنە لە ئەدەبی کوردیدا، هەر بە هۆی ئەم دوا کەوتنەوەش ڕەخنەی کوردی دەتوانین بە ڕەخنەیەکی سەرنجدانە سەری فیکریی و دەروونیی و ئایدۆلۆژیی تێکەڵاوی ناو ببەین نەک ڕەخنەیەکی کراوە لە داهێنان و بیرکردنەوە.. ئەمەش وایکردووە بایەخی تیۆرو ڕەخنەی تیۆریی، گرنگییەکی ئەوتۆیان نەبێت لە لای نووسەراندا، لەگەڵ ئەمەشدا ڕەخنەی تیۆریی، ڕەخنەیەکە کار لە شیکردنەوەی زمان و بنیاتدا دەکات، پەیوەست بە ماناوە. لاسایی کردنەوەی تیۆریی دەرەوەو تەنانەت نووسینی ڕەخنەش لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکانی دەرەوە گرنگیی خۆیان هەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا زیان و کەلەبەری خۆی هەیە کە گرنگترین گرفتەکانیش جیاوازیی کولتووریی و سنووری ئازادیی بیرکردنەوەو جیاوازیی بنیاتی زمانە لە داڕشتن و ڕەوانبێژی و تەنانەت لە گرنگیی بابەتەکانی نووسین و چۆنێتی بیرکرنەوەدا، لێرەشدا

مەبەست گونجاندنی نووسین و بۆچوونەکانی ڕەخنە نییە لەگەڵ کولتوورێکدا، لەگەڵ بۆچوونی زۆرینەیەکدا بگونجێنرێت و ڕەزامەندییەکی گشتی، یا تێگەیشتنێکی گشتی بێنێتە دی، کە زۆر کەس لە و باوەڕەدان نووسینی ڕەخنەیی دەبێ هەموو کەسێک لێیبگات، ئەم جۆرە بیرو ڕایانە لە ڕاستیدا پەک خستنی ڕەخنەیە لە ئاستە داهێنەرەکەیدا، چونکە بەم شێوەیە ڕەخنە دەکەوێتە بەر حوکمی زۆرینەیەکەوە کە هەموو تازە بوونەوەیەک لە دنیا بیستی ڕەتدەکاتەوە و تاکو توندڕەوییەکی یا شێلگیرییەکی بەتاو پابەندی خوێنەرێکی دوا کەوتوو دەبێت، بۆنموونە من لەو باوەڕەدا نیم هیچ یەکێک لە نووسینە تیۆریی و بنیات گەرییە نوێیەکان لەگەڵ خوێندنەوەی کۆمەڵگەیەکی خاوەن خوێنەری تەمبەڵدا بگونجێت، لەو باوەڕەشدا نیم هەموو بۆچوونێکی تیۆریی زمانەوانیی و جوانکاریی و شێوەیی ڕۆژئاوا لەگەڵ تایبەتمەندی زمانەوانیی و بیرکردنەوەی زۆرینەیەکی ئێمەدا بگونجێت، چونکە ئەو تایبەتمەندیەی لە زمانی هەر نەتەوەیەکدا هەیە، وا دەخوازێت کە ڕەخنە لە خودی ئەو زمانەوە سەیری شیکردنەوەی ڕەخنەیی خۆی بکات، ئەم بیرەش هەروەها مەبەست لێی گەڕانەوە نییە بۆ لۆکالیەت لە نووسیندا کە خۆمان لە کولتوورێکی داهێنەرانەی ڕەخنە دوور خەینەوە، بەڵکو مەبەست هەوڵدانە بۆ وێنا کردنی تیۆرییک کە لەگەڵ بوونایەتیی زمانی کوردیدا بگونجێت، بەوەی ئەو ڕەخنەیە گەر هەڵنانەوەی تیۆریی دەرەوەش بێت هەڵنانەوەیەک بێت، بگاتە ئاستی گفتوگۆ کردن لەگەڵ سەرچاوەی خۆی.. هەر کاتێک ئەو ڕەخنە تیۆرییە گەیشتە ئەو ئاستە، دەتوانین بە ڕەخنەی داهێنەر لێی بڕوانین.. بەمەش ڕەخنەی تیۆریی هێشتا لە ئەدەبی کوردیدا بوونی نییە، ئەمەش بەهۆی نەزانینی زمانەکانی دەرەوە، هەروەها بە هۆی کەمیی سەرچاوەو هەروەها بە هۆی نەبوونی هەوڵدان بۆ داڕشتنی تیۆر و لە پاشاندا بۆ کەمیی خوێندنەوەو ئاگادار نەبوون لەو ئاستەی کە

ڕەخنەی نوێ پێی گەیشتووە و قەبووڵ نەکردنی بیری دارشتنی تیۆر لە ناوەندە زانستیەکانی کوردستاندا، ئەمە جگە لەو دیاردە قێزەونانەی کە هەمیشە ئەدەب دەکەنە مەیدانی لایەنداریی و هاوسۆزیی نازانستی، بێگومان ڕەخنەی کوردی ناچێتە چوارچێوەی ڕەخنەیەکی تیۆرییەوە، چونکە ڕەخنەگری کورد یا خاوەنی بۆچوونی تیۆریی نییە، یاخود پێگیریی بە تیۆرییکی ڕەخنەیی دیاریکراوەوە نییە، هەر بۆیە ئەو ڕەخنەیە هیچ لێکدانەوەیەکی بۆ پەرەسەندنی یا گەڵاڵە بوونی هەزاران دەقی کوردی نییەو هەوڵەکان زۆر کەمن و نازانستین، چونکە هەروەکو گوتمان ئەوڕەخنەیە لە سنووری سەرنج ڕاکێشیی و سۆزداریی و کاریگەربوون دەر نەچووە، هەروەها لە خۆ پابەند کردن بە ناوەڕۆک و مانای بابەتیانە ڕزگاری نەبووە و دەتوانین ئەم پۆلێن کردنە بۆ ڕەخنەی کوردی بکەین..

ڕەخنەیەکی کۆن کە لەگەڵ سەرهەڵدانییەوە تاکو حەفتاکان دوور بووە لە هەموو تازەگەرییەکی ڕەخنەیی و زمانەوانیی و شێوازگەریی و جوانکاریی زمانەوانی و تەنها حوکمی لەسەر بابەت داوەو تەنها کاری لە ئایدۆلۆژیاو حوکمدان کردووە، ڕەخنەیەکی ئایدۆلۆژیی و سیاسیی دوای حەفتاکان

کە تەنها کاری ساکاری لە سەر لایەنداریی و ئایدۆلۆژیی و سیاسیی و دەروونیی کردووە و تاکو کۆتایی هەشتاکان دەڕوات و ڕەخنەیەکی نوێش کە لە دوای ڕاپەڕینەوە دەست پێدەکات، کە توانیی هیچ نەبێت پرسیارە گرنگەکانی ڕەخنەی نوێ بوروژێنێ بە بێ ئەوەی بتوانێ وەڵامی پرسیارە نوێیەکانی بداتەوە.. ئەوەشی ڕوونە هەر سێ قۆناغ بە ئاستی جیاواز دوور بوونە لە ڕەخنەیەکی تیۆریی ئەکادیمیی، تەنها هەوڵی کەم و زۆر کەم و دەگمەن نەبێت کە لەسەر بناغەی تیۆرەکانی دەرەوە هەوڵی جیا جیایان داوە و ئەو هەوڵانەش دوور بوونە لە خوێندنەوەیەک کەتوانای بەرهەمهێنانی ئاستێکی داهێنەریان هەبێت، کە بە تەواوەتی خاوەنی دنیا بینییەکی ڕوون بێت بۆ تواناکانی دەقی نووسراوبە زمانی کوردی. بۆچی ڕەخنەی کوردی بەم ئاراستەیەدا ڕۆیی؟ ئەم ئاراستەیەی ڕەخنەی کوردی پەیوەندیی بە دیدو بۆچوونی ئەو کەسانەوە هەبوو کە لە ئەدەبی کوردیدا خەریکی کاری ڕەخنەیی بوون، کە سەرجەمی بیروڕاکان لەو پرسیارەدا کۆدەکەینەوە کە ڕەخنە لە چ ئاستێکدایەو بۆچی ڕەخنەی کوردی کەم گەشە دەسەنێ..... بیروڕاکان لە سەر نووسینی ڕەخنەو پەیوەندیی بە ڕەخنەی نوێوە جیاوازن، هەندێک لەوانەی کە باوەڕیان وایە نووسەری کورد توانای بەرهەمهێنانی مێتۆدو تیۆرییان نییە، پێویستە شوێن پێی ڕەخنەی نوێی ئەوروپی هەڵگرنەوەو مێتۆدو تەوژمەکانی بخەنە بەر لێکۆڵینەوە لە پێناوی ئەوەی ئەو تەوژم و مێتۆدانە ببنە چرایەک و ڕێنیشاندەرێک بۆ نووسینی ڕەخنەیەک، کە وەک دەڵێن سوود لەو ئاستە ڕەخنەییە وەرگرن کە لە دەرەوەدا پێیگەیشتوون، ئەم نووسەرانەی کە وەک لێکۆڵەرەوەو ڕەخنە نووسی ئەدەبیی لە ڕۆشنبیری کوردیدا دەناسرێنەوە، دەستیان کرد بە گواستنەوەی زاراوەو مێتۆدەکانی ڕەخنەی ئەوروپی و لە پاشاندا لێکدانەوەی دەقی کوردی لە سایەی ئەو مێتۆدانە، لەگەڵ ئەوەشدا خوێنەری ئاگادار لە ڕەخنەی نوێ دەرکی بەوە دەکرد کە ئەوانەی ئەو مێتۆدانەیان پەیڕەو دەکرد، هێشتا بە تەواوەتی لە بنەما گشتیی و سەرەکییەکانی ئەو مێتۆدانە تێنەگەیشتوونو سەرچاوەکانی نووسینیان زۆر لاوازە، ئەمەش وایکرد خاوەنی ئەو دەقانەی کە لە سەریان نووسی هەر خۆیان تووشی سەرسوڕمان بن بەوەی کە ئەوان دوور بوون لەو جیهانەی کە ئەو کاری بۆ کردووە و بە ئاشکرا دەربڕینیان لە تێنەگەیشتنی ئەو ڕەخنەیە کردووە.. سەرباری ئەمانەش ئەو ڕەخنەیە بە دیدو بۆچوون و دنیا بینیی کەسانیدی دەقی کوردییان دەخوێندەوە، پاساوەکانی ئەم ڕەخنە گرانە ئەوەبوو، کە کولتووری گەلان کولتووری مرۆڤایەتییەو تایبەتمەندیی جوگرافیی و شارستانێتیی گەلانی دنیا، هەمووتیایدا هاوبەشن،

بەڵام ئەم دیدگایە ئەوە نانوێنێ کە ڕەخنەگری کورد بە کەرەستەی داهێنەران و مێتۆدی دەرەوەی خۆیان لە دەقی کوردی بکۆڵنەوە، ئەمە هاندەرێک بوو بۆ بیرنەکردنەوە، هاندەرێک بوو بۆ بزرکردنی توانا ڕەخنەییەکانی نووسەری کورد و زۆر جاریش ئەو ڕەخنانە تەنها لە بازنەی پەخشانێکی ئەدەبیی و فیکریی و کۆمەڵایەتیی و دەروونیی دەرنەدەچوون و لەگەڵ دەقەکاندا ناکۆک بوون.. لاساییکردنەوە شکستێکی ڕەخنەییە لەو تێڕوانینەوەی کە ڕەخنە دەبێ خاوەنی دیدگای کەسی ڕەخنەگر بێت، ئەگەر ڕەخنە نووسینەوەی دەقێکی دیکە بێت و نەیخەینە ژێر توانای دەقەوە، ئەوا کەسی بیرکەرەوە کەسی گەوهەرییە، کەچی لەو ڕەخنەیەدا کەسی بیرکەرەوە خاوەنی دەقەو ڕەخنەش بۆتە کەرەستەیەک بە دەست کەسی خاوەن دەقەوە، ئەمە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەسی ڕەخنەگر خاوەنی دیدگاو بۆچوونی تیۆریی خۆی نییەو خاوەنی بنەما گەوهەریەکانی مێتۆدێکی ڕەخنەیی نییە، هەندێکی دیکە لە بەردەم نوشوستیی گەڕان بە دوای داهێنانی مێتۆدی ڕەخنەییدا هەموو ئەو کەسانەیان بە نەزان و بێ ئاگا دادەنا کە نەیاندەویست خۆیان بدەنە پاڵ تەوژمێکی ڕەخنەیی ئەوروپییەوە، نەک تەنها ئەمە، بەڵکو هەموو ئەو کەسانەیان بە نەخوێندەوار لە قەڵەم دەدا کە نەچوونەوە سەر مێتۆدێکی ڕەخنەیی ڕۆژئاوایی و بەڵکو خوێندنەوەو سوود وەرگرتن تا ڕادەی لاساییکردنەوەی ئەو مێتۆدانەیان بە پێداویستییەکی مەعریفیی و زانستیی لە قەڵەم دەدا.. هەوڵی لەم بابەتەو خاوەنەکانیان نەیانتوانی لە ڕەخنەی کوردیدا پرسیاری نوێ بوروژێنن وەهەر زوو دەست بەرداری ڕەخنەی ئەدەبیی بوون و دەستیان کرد بە نووسین لە جۆری دیکەی ئەدەب.

سوود وەرگرتن لە ڕەخنەی دەرەوەی خۆمان، کارێکی شیاوەو هەموونەتەوەکانی بۆنموونە ئەوروپا لە لێکۆڵینەوە لەوەی تاکو ئەمڕۆ بەدەستهاتووە هاوبەشن، بە جۆرێک ئەو کولتوورە جیاوازانە بە جۆرێک تێکەڵی یەک بوون، دەڵێی سەر بەیەک کولتوورن و لە یەک بواری لێکۆڵینەوەدا هەموو هاوبەشن، بۆ نموونە هەوڵەکانی فۆرمالیستەکانی ڕووس لە شێوازگەریدا لە بواری لێکۆڵینەوەی تیۆرییدا، تاکو ئەمڕۆ بۆتە بناغەیەک بۆ هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەوروپا هەر لە بنیاتگەرەکانەوە تاکو شێوازگەرە ئەوروپییەکان و تەوژمەنوێیەکانی دیکەی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئەدەبیی، ئەم دەرکەوتە نوێیە گفتوگۆی شارستانێتییە جیاوازەکانە لەگەڵ یەکتری، کە لە پەرەسەندنەکانیدا هەموو هاوبەشن لە داهێنانی بیری نوێ، لەسەر زۆر لە گرفتەکانی لێکۆڵینەوە و دەڵێی یەک کولتوور بەردەوام لە پەرەسەندندایە، بەڵام فاکتەری، یا هۆکاری سەرەکیی هاوبەش لەنێوان ئەو کولتوورانە ئەو هەوڵانەیە کە دەروازەی تازە لە لێکۆڵینەوە دەکەنەوە، بە جۆرێک گفتوگۆکان بە لای خۆیاندا دەبەن.

کەواتە لە ڕووە تیۆرییەکەیەوە چۆن دەتوانین هاوبەشی ئەو گفتوگۆیانەو ئەو کولتوورە بین گەر توانای ئەوەمان نەبێت لە ڕووە تیۆرییەکەوەی داهێنانمان هەبێت لەو بوارەدا؟ ئەمە پرسیارێکە وەڵامێکی ئەوتۆی نییە لە بواری تیۆرییەوە پەیوەست بە کولتووری کوردەوە.. تیۆر مانای داهێنانی بواری نەزانراوونوێی چۆنێتیی تێگەیشتنە لە دروستبوونی زمانی دەق و شێوەو بنیات و هەموو ئەو کردارە زەینی -زمانەوانییانەی کە دەق دروستدەکەن و هەموو دەچنە ژێر باڵی زاراوە داهێنراوەکانی خۆیەوە، بە جۆرێک نووسەری وا هەیە فەرهەنگێک لە زاراوەو وشەی ڕەخنەیی و تیۆریی لەدوای خۆیەوە جێهێشتووە، کولتوورێک کە بەردەوام لە بەخشینی نوێ بێت، کاتێک کەسانێک یا کولتوورێکی ئەدەبیی دیاریکراو دێت و کار لە سەر زاراوەکانی ئەو کولتوورە دەکاو لە ڕووە تیۆرییەکەوەی دێت و خوێندنەوە بۆ دەق و زمان و دیاردە ئەدەبیەکانی خۆی دەکات، ئەوا ئەو کولتوورە لە پەراوێزی کولتوورێکی دیکەدا کار لە کولتووری خۆی دەکات، بەڵکو کولتوورێکی دیکە خوێندنەوە بۆ کولتووری جیاواز دەکات.. تیۆر گەیشتنە بە تێگەیشتن و

هەڵنانەوەیەکی هاوبەشی کارانە لەوەی تاکو ئەمڕۆ بە دەستهاتووە، ئەمەش دابڕاو نییە لە کۆی گەشە سەندن و تازە بوونەوەکانی کولتوورێکی دیاریکراو لە بوارەکانی دیکەدا و تاکو ئەمڕۆش تیۆر لە بەهاو بایەخی خۆی نەکەوتووە.. هەروەکو چۆن نووسینی تیۆریی واتە ئەو نووسینەی بۆچوون و لێکدانەوەی تیۆریی لەخۆدەگرێت، بناغەی هەموو لێکۆڵینەوەکانی ئەمڕۆیە، بەڵام لە کولتوورەکەماندا جوینەوەیەکی گشتیی ئەو کولتوورانە هەیە کەزۆر ڕووکەشەو نەیتوانیوە بە تەواوەتی لە ڕووە تیۆرییەکەوەی بچێتە قووڵایی ئەو تەوژم و نووسینە تیۆرییانەی کە ئەمڕۆکە هەن و بە شێوای بەکاردەهێنرێن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تەوژمە نوییەکانی ڕەخنەی تیۆریی هەمیشە لە تازە بوونەوەدایەو پێویست بەوە دەکات خوێندنەوەو لێکدانەوەی زۆرتری بۆ بکرێ، ئەم جۆرە دەست بۆ بردنە لەگەڵ گرنگیی و بایەخیدا، هەروەک باسمانکرد، هێشتا هەر هێشتنەوەی بیرکردنەوەیە لە سنوورێکی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی و تیۆریی.

ئەگەر بێتوو تیۆر یا نووسینی تیۆریی، بناغەیەک بێت بۆ لێکۆڵینەوە، ئەوا لە نووسینی کورددا جۆرێک لە نووسین هەیە تاکو ئەمڕۆ نەیتوانیوە تەنانەت خوێندنەوە بۆ هیچ یەکێک لە دیاردە تازەکانی ڕەخنەی نوێ بکات، نووسەرانێک دێن و بە ناوو نیشانێکەوە چەندین دەق دەخەنە ژێر لێکۆڵینەوەیەک کە دوورە لە هەموو هەوڵێکی تیۆریی و خوێندنەوەی نوێ.. ئەوان پشت بە گوتەی تیۆریی داهێنەرانی لێکۆڵینەوەو ڕەخنە دەبەستن کە لە سەرجەمی لێکۆڵینەوەکەدا گوتەی بنیات گەران و شێواز گەران و تیۆر زانە ئەدەبیەکانی مارکسی و تیۆرزانە دەروونییەکانیان تیادا دەدۆزیتەوە و هەر لە تێڕوانینی ئەوانەوە لێکدانەوە بۆ دەقەکان دەکەن، ئەم جۆرە ڕەخنەیە سادەترین نووسینە کە بەناوی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییەوەیە، کە بێبەرییە لە هەموو تایبەتمەندییەک و پسپۆرییەک لە ڕەخنەداو هەموو کەسێک تەنانەت خوێندەوارێکی چاکیش دەتوانێت لە گوتەی خەڵکانەوە لێکدانەوە بۆ دەق بکات، بەڵام چ لێکدانەوەیەک کە نەتوانێ بگاتە ئاستی شیکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەو چۆنێتییەوە ؟ ئەم جۆرە ڕەخنەیە باوەڕی بە بایەخ و گرنگیی تیۆر نییە، باوەڕی بە تایبەتمەندێتی و پسپۆریی نییە لە بوارێکی دیاریکراو لە ڕەخنەدا، ئەو دەیەوێ لە هەمان کاتدا بنیات گەرو فۆرمالیست و ئایدۆلۆژیست و تەنانەت سیاسیش بێت و هەمووش بە ناکامڵی بێئاگا لەوەی ڕەخنە بوارەکەی ئەوەندە فراوانە تەنانەت زەحمەتە نووسەرێک زۆربەی ژیانی بۆ خوێندنەوەو ئاگادار بوون لە تەوژمێکی ڕەخنەیی بباتە سەر، بەوە ڕابگات ببێتە پسپۆر لەو تەوژمە.. لە ڕاستیدا تاکو ئەمڕۆ لە ئەدەبی کوردی و زاراوەکانیدا، تێنەگەیشتنێکی گشتیی هەیە لە زۆر لە زاراوە سەرچاوەگەریەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا، لەمەش بترازێ جۆرێک لە نووسین هەیە کە بە ناوی ڕەخنەوە بڵاو دەکرێنەوە تێکەڵەیەکی ناگزوورو ناتەبا هەیە کە پابەندی هیچ جۆرە بیرێکی ڕەخنەیی ئەدەبیی نییە، وەکو ئەوەی خوێندنەوەی دەق بیبلۆگرافیایەکی مەعریفیی زانستە مرۆڤایەتیەکان بێت، ئەو نووسەرانە جارێک کۆمەڵناسن، جارێک دەروونناسن، جارێک سیاسەتزانن، جارێکی دیکە مۆدێرنیستن و نووسینیان لە هەموویان ئاو دەخواتەوە.. لە ڕاستیدا ڕەخنەی ئەدەبیی پەیوەستی جۆراو جۆری لەگەڵ ئەو زانستانەدا هەیە، بەڵام ئەو پەیوەستانە خەسڵەتێکی تیۆریی ئەدەبییان هەیە نەک فیکری.. خوێندنەوەی دەق لە ڕووە فیکریەکەوەی گرنگە، بەڵام گەر لە چوار چێوە ئەدەبیەکەی دوور کەوتەوە بایەخی خۆی لە دەستدەدات و مۆرکی زانستێکی دیکە لە خۆ دەگرێت نەک ئەدەبیی، ئەم جۆرە نووسینانە نووسینی نیمچە فیکرین و ئەدەبی نین و ناتوانن خوێندنەوەی زانستیی و ئەدەبیی داهێنەرانە بۆ هیچ دەقێک بکەن و نەشیانتوانیوە ئەو خوێندنەوانە بەرنەسەر.